نارین ئالان:

# فیلمی کوردی زۆر بە کەمی بڵاودەبێتەوە، ئەمەش وایکردووە ئەکتەرێکی ناودار و ئەستێرە دەرنەکەوێت

نارین ئالان لە سلێمانی لە دایکبووە، لە سوید گەورە بووەو لە دوبەی ژیان دەکات، دەمێکە خەون بەوە دەبینێت لە فیلمێکی سینەمایی کوردی وەکو کچە کوردێک رۆڵ ببینێت، ئێستا لەگەڵ هونەرمەند هەڵوێست محەممەد و نزار سەلامی رۆڵی سەرەکی لە فیلمی (پەیکەری دڵ)دا دەبینێت، سەبارەت بەو فیلمە و چەند بابەتێکی دیکە بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.



لە بارەی بەشداریکردنی لە فیلمێکدا کە ئێستا خەریکی وێنەگرتنیەتی وتی: هەر لە منداڵییەوە خەونم بەوە بینیوە ببم بە ئەکتەر، هەروەها چەندین جار لە دوبەی هەوڵمدا فیلم دروست بکەم، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکەوە نەمتوانی ئەوە بکەم، بەڵام دوای ئەوەی وەکو پێشکەشکار بەشداریم لە هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان کرد، داوایان لێکردم، کە بەشداری لە فیلمێکی کوردی بکەم، کە لەدەرهێنانی سینەماکاری کورد، شوان عەتووفە، بەخۆشحاڵییەوە ئەو داوایەم قبوڵ کرد، بە راستی جێگای شانازییە من لەگەڵ هونەرمەندانی ناوداری کورد، شوان عەتووف و هەڵۆیست و نزار سەلامی لە فیلمێکی کوردیدا رۆڵ ببینم، ئەوان لە بواری هونەرە زۆر ناسراون و کاری زۆر باشیان ئەنجامداوە، کە کورد شانازییان پێوەدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە شانازی دەکەم، خزمەت بە هونەری کوردی بکەم.

سەبارەت بە رۆڵی لەو فیلمەدا نارین وتی:

لە فیلمەکە رۆڵی سەرەکیم هەیە، کارەکتەری کچێکی دەوڵەمەند دەکەم، کە حەز لە کورێك دەکات، بەڵام باوکم رازی نابێت و بە زۆری دەمدات بە شوو، دواتر لەلایەن هاوژینەکەم و باوکم زۆر ئازار دەدرێم غەدرم لێ دەکەن، ئەمە چیرۆکی ئەم فیلمەیە، کە ئێستا لە شاری سلێمانی و دەوروبەری لە ناو وێنەگرتنیداین.

لە وەڵامی پرسیاری ئایا کارکردن لە فیلمی کۆمیدی، یان تراژیدی یان رۆمانسی خۆشترە، نارین وتی: هەندێ جار حەز لە فیلمی کۆمیدی دەکەم، جاریش هەیە، حەز لە فیلمی رۆمانسی و عاشقانە دەکەم، بەڵام هیچ جۆرە فیلمێك رەتناکەمەوەو حەز دەکەم لە هەموو بەشەکان کار بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا سەیری هەموو جۆرە فیلمێك دەکەم بۆ ئەوەی لێوەی فێربم، چونکە سەیرکردنی فیلم بۆ کات بەسەربردن نییە، بەڵکو دەبێت پەندو ئامۆژگاری لێوە فێرببێت.

سەبارەت بە سینەمای کوردی و بەشداری خانمە هونەرمەندەکان نارین دەڵێ: زۆر زانیاریم لەسەر خانمە ئەکتەرە کوردەکان نییە، بۆیە باش نایانناسم، چونکە بەراستی فیلمی کوردی زۆر بەکەمی بڵاودەبێتەوەو ئەمەش وایکردووە ئەکتەرێکی ناودار و ئەستێرە دەرنەکەوێت، بەڵام لە ئەکتەرە ناودارەکانی جیهان زۆر سەرسامی کارەکتەری خانمە هونەرمەند سۆفیا فێرگاریم، زۆر کارەکتەریکی جوانی لە نێو فیلمدا هەیە، حەز دەکەم لەو فێربم، هەروەها خانمە ئەکتەری ناوداری جیهانی ئەنجلینا جولیم زۆر خۆشدەوێت و هەموو فیلمەکانی ئەوم بینیوەو شەیدای رۆڵەکانی ئەو خانمەم.

نارین لە بارەی ئەوەی کە ئایا تا چەند بوێریی تێدایە کە سنوورەکان بشکێنیت و بوێریی کچی ورد لە سینەمادا نیشان بدات دەڵێ: باوەڕ ناکەم ئەو سنوورانە بشکێنم، چونکە بۆ خەڵکی ئێمە ئەو کارانە بەچاوێکی دیکە سەیر دەکرێت، رەنگە فیلمەکەی ئێمە دەستگرتن و باوەشێکی تێدا بێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە، کە ئەو هەستە بدەیتە بینەر، کە راستی و دروستی رۆڵەکە وەکو خۆی ببینێت، بینەریش دەبێت تێبگات و لەگەڵ ئێمەدابێت، بەڵام هێشتا کۆمەڵگای ئێمە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە ماچ و باوش لە نێو فیلمی کوردی بوونی هەبێت، بۆ ئایندەش نازانم چۆن دەبێت، بەهەرشێوەیەك بێت جارێ بۆ ئەم کارانە لە کۆمەڵگەی ئێمە زووە.

نارین پێی وایە کە ئەو فیلمە نوێیەی بە نیازە بەشداریی تێدا بکات لە زۆر رووەوە جیاواز دەبێت و دەڵێ:بەرای من ئەم فیلمە سەرکەوتنێکی باش بەدەست دەهێنێت، چونکە جیاوازی ئەو فیلمە لەگەڵ فیلمەکانی دیکەی کوردی ئەوەیە، کە فیلمێکی میوزیکاڵییەوو گۆرانی تێیدا، کە لە فیلمەکانی دیکەی کوردی من ئەوەم نەدیوە، رەنگە کاك شوان لەمبارییەوە باشتر بزانێت، بەڵام ئەم فیلمە کۆمیدیی و رۆمانسی و گریانیشی تێیدا، کە وادەکات بینەر زیاتر بۆ خۆی رابکێشێت.

سەبارەت بە رۆڵی خۆیشی دەڵێ: بە راستی کەسایەتی ئەم کچە زۆر لە کەسایەتی و کارەکتەری خۆم نزیکە، دەتوانم بڵێم رێك خۆمم، بۆیە لە رۆڵبینینە هیچ ماندوو نەبووم و هەمووی وەکو ژیانی نۆرماڵی خۆم کردوومە، لەم فیلمەدا ئەم کچە زۆر عەجوولە، منیش ئەو عەجوولییەم تێدا هەیە، بەڵام چیرۆکی فیلمەکەو رۆڵی کچەکە لە ناو فیلمەکە لە من ناچێت، تەنیا کارەکتەرەکەی لە من دەچێت.

لە کۆتاییشدا هەر سەبارەت بە فیلمەکە دەڵێ: کارکردن لەگەڵ کاك هەڵۆیست زۆر خۆشە، چونکە ئەو کەسێکی زۆر پرۆفیشناڵەو زۆر هاوکارو یارمەتیدەری من بووە، گوڕتینم پێ دەبەخشێت، باوەڕ بکە رۆژ هەیە زیاتر لە ١٨ کاژێر کاردەکەین، ئەو دێتە لای من و دەڵێت ئارامت هەبێت کارەکان زۆر لەبەرچاوم ئاسان دەکات، کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆیە، بوونی ئەو وەکو گۆرانبێژ لە نێو فیلمەکەدا زۆر گرنگە، چونکە تەنیا هەوادارانی ئەو بێنە سینەما ئیدی فیلمەکە خۆی سەرکەوتن بەدەست دێنێت، ئەم فیلمە کەسی زۆر ناودارو بەناوبانگ و خۆشەویستی تێدان کە فیلمەکە سەرکەوتووتر دەکات.

# پێنجەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆ بەڕێوە دەچێت




لە رۆژانی ٥- ٢٠١٨/١٢/١٠، پێنجەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆ بەڕێوە دەچێت و تێیدا چەندین گرووپی شانۆیی لە وڵاتە عەرەبییەکان و ئەورووپا بەشداری دەکەن. چەندین گرووپی شانۆیی لە وڵاتەکانی (ئوردون، کوێت، توونس، بەغدا، ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی دیکەش)، بە چەند شانۆگەرییەك بەشداریی لەو فێستیڤاڵە دەکەن، بڕیاریشە شانۆکارانی بیانی لە کۆتایی ئەو هەفتەیە و سەرەتای هەفتەی داهاتوودا بگەنە هەولێر.

هاوکات چەندین گرووپی شانۆیی لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك و کەرکوك) بەشداری ئەو فێستیڤاڵە دەکەن، هەروەها بەیانیانیش چەندین پانێڵ لەسەر رەوشی هونەری شانۆ بەڕێوە دەچێت.

ئەو فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییە بڕیارە پێنج رۆژ بەردەوام بێت، لە دوایین رۆژیشدا خەڵات بەسەر باشترینەکانی فێستیڤاڵدا دابەش دەکرێت.

جێی ئاماژەیە لە ساڵی ٢٠١٣ـەوە ساڵانە لە مانگی کانوونی یەکەمدا فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆ بەڕێوە دەچێت، جگە لەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەند و شانۆکارانی ناسراوی کورد بەشداریی تێدا دەکەن، هاوکات ژمارەیەك شانۆکاری بەناوبانگی بیانیش تێیدا بەشدارن.





# نەسلیهان: خۆشەویستی قوربانیدانی پێویستە

ماوەیەك بەر لە ئێستا میدیاکانی تورکیا هەواڵی ناکۆکی نێوان خانمە ئەکتەری تورکی نەسلیهان ئەتاگۆل و قادیر دۆغلوی هاوسەری بڵاوکردەوە، هەروەها چەندین بابەتی دیکەش سەبارەت بە هۆکاری ناکۆکییەکانی نێوان هەواڵی گەرمی میدیاکان بوو.

نەسلیهان هیچ شتێکی دەربارەی ئەو ناکۆکییانە بڵاونەکردەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی لە خۆشەویستی و قوربانیدانی نێوان خۆشەویستان کرد و لەم بارەوە دەڵێ: خۆشەویستی هەستێکی پیرۆزە لە نێوان دوو کەسدا دروست دەبێت لە هەمان کاتدا قوربانیدانی زۆری پێویستە بۆ ئەوە رایبگری و رێگا نەدەی بە تێکچوونی ئەو خۆشەویستییەی لە نێوان دوو کەسەکەدایە، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە بەتایبەتی لە ئێستادا.

سەبارە بە ناکۆکییەکانی لەگەڵ هاوسەرەکەی نەسلیهان وتی: راستە رەنگە ناکۆکی و گرفتمان هەبێت ئەمەش کارێکی ئاساییە لە نێوان دوو هاوسەردا، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناکۆکی و گرفتەکانمان بەو شێوەیە نییە کە میدیاکان باسی دەکەن و ئەو چیرۆکانە میدیاکان بڵاوی دکەنەوە، دوورن لە راستییەوە و میدیاکان بەبێ بەڵگە کارەکەیان زۆر لە رادەی سرووشتیی خۆی گەورەتر کردووە.

نەسلیهان لەو بارەوە زیاتر وتی: نایشارمەوە من و قادر گرفت و ناکۆکی لە نێوانماندا هەبووە، چونکە ئێمەش مرۆڤین و دوچاری هەڵە دەبین، بەڵام لە ئێستادا هیچ گرفتێکمان نییە، چونکە گرفتەکانمان زەق و گەورە نین تا بەو شێوەیە بەرز بکرێتەوە، ئێمە لە ئێستادا زۆر بە باشی بەیەکەوە دەژین و پەیوەندییەکەشمان زۆر ئاسایی و بێ کەموکوڕییە.



# کچەکەی جاکی شان تووشی شۆکی کرد

ماوەیەکە ئەستێرەی سینەمایی ناسراو جاکی شان و خانەوادەکەی بوونەتە باسی میدیاکانی جیهان، ئەمەش دوای ئەوەی ئیتا ئینجی کچەکەی مشتومڕێکی نایەوە دوای ئەوەی بە فەرمی پەیوەندیی هاورەگەزیی خۆی و کچە چالاکوانی ناسراوی کەنەدی ئۆتمان بۆ میدیاکان ئاشکرا کرد.

کچەکەی جاکی شان لە ئەکاوەنتی تایبەتی خۆی لە ئەنستاگرام رایگەیاند کەوا رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٥ی نۆڤەمبەری ساڵی داهاتوویان دەستنیشان کردووە بۆ ئەوەی بچنە نێو ژیانی هاوسەرییەوە، هەروەها چەند وێنەیەکی خۆی و ئۆتمان و بەڵگەنامە هاوسەرێتیان بڵاوکردۆتەوە کە ئاماژە بەوە دەکات ماوەیەکی زۆرە بە رەسمی هاوسەرییان کردووە.

دوای ئەم رووداوانە جاکی شانی تەمەن ٦٤ ساڵ لە لێدوانێکدا دانی بە چەند شتێك کە ئەمانیش مایەی شۆك بوون لەوانە خیانەتی هاوسەرەکەی لەگەڵ ئافرەتێکی تر و لێدانی لە کچەکەی، ئەوەشی راگەیاند کە وردەکارییەکانی ئەم رووداوانە گشتیان لە کتێبێکدا بڵاودەکاتەوە دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی و خێزانەکەی کە بڕیار وایە لە داهاتوودا چاپ بکرێت.

جاکی شان ئەوەشی راگەیاند کە کتێبەکەی بە ناوی “I really was quite a nasty jerk” دەبێت و تێیدا دووپاتی دەکاتەوە کە هەست بە پەشیمانی دەکات لە بەرامبەر ئەو کارانەی لە رابردوودا ئەنجامیداون، هەروەها باس لە ئازار و مەینەتییەکانی دەکات کە تووشی هاتبوون لە ئەنجامی خواردنەوەی زیاد لە پێویستی خواردنەوە کحولییەکان.

شایەنی باسە کە ئیتا ئینج کچی جاکی شانە لە شاجوانی پێشوو ئەلین ئینج کە پەیوەندییەکی نهێنییان هەبوو و بەردەوام ناکۆك بوون تا کار گەیشتە ئەوەی کە ئیتا لە ساڵی ٢٠١٧ بڕیاریدا کە ڤیدیۆیەك بڵا بکات و تێیدا دووپاتی دەکاتەوە کە بە هۆی ئارەزووە سێکسییەکانی هیچ شوێنێکی نییە تێیدا ژیان بەسەر بەرێت.

# منیش بە پاسکیل دەچم بۆ دەوام

لەم رۆژانەدا و لە یەکەم دانیشتنی خولی نوێی پەرلەمانی کوردستاندا، کاك جەلال پەرێشان، کە ئەندامی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستانە و وەك ئەوەی پێشتر رایگەیاندبوو، بە سواری پاسکیل دەچێتە پەرلەمان، ئەمن دەستخۆشی لێ دەکەم، ئەمە سەرەڕای سادەیی و خاکەڕایی پەرێشان، بۆ هاووڵاتیان و بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکانیش جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە، چونکە ئەم هەنگاوە چ کاك پەرێشان بیهاوێ و چ هەر کەسایەتییەکی دیکەی ناسراو، یان نەناسراو، هەنگاوێکی ئەرێنی و باشە. باشیی لێخوڕینی پاسکیل چەندین سوود و لایەنی ئەرێنی هەن، کە دەکرێ ئێمە بۆ خۆمان لە کوردستان هەندێکی دەستنیشان بکەین، لەوانە:

بەر لە هەر شتێك پاسکیل ئامرازێکی گواستنەوە و گەیاندنە، وەك هەر ئامراز و کەرەستەیەکی دیکە، هیچ نەنگی و کێماسییەك لە هاژۆتن و بەکارهێنانیدا نییە و بەپێچەوانەوە، لەگەڵ ئامرازەکانی دیکەدا لە یەك خانە دادەنرێ، هەریەکە بەپێی قەبارە و ئاستی بەکارهێنانی.

پاسکیلسواری یەکێکە لە وەرزشە هەرە باو و بەسوودەکان بۆ مرۆڤ، کە بە هۆی هاژۆتنی بەردەوامی پاسکیلەوە، مرۆڤ جەستەیەکی ئەوپەڕی تەندروستی دەبێ.

نرخی کڕین و تێچووی رۆژانەی بە بەراورد لەگەڵ بۆ نموونە ئۆتۆمبێل، ئێجگار کەمە و پارەیەکی زۆر بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی کە ئەگەر هاتوچۆ لەناو شار و لە شوێنی کارەوە بۆ ماڵ و بازاڕ بێ و نەچێتە رێی دوور.

ئامرازەکانی دیکەی گواستنەوەی وەك ئۆتۆمبێل بە هەموو جۆرەکانییەوە، پاپۆڕ، فڕۆکە ..تد، کە بەهۆی سووتەمەنییەوە کار دەکەن، ژینگە پیس و ژەهراوی دەکەن و ساڵانە بەهۆی ئەو دووکەڵی ژەهرە بە دەیان هەزار کەس لە جیهاندا نەخۆش دەکەون و دەمرن، هەرچی پاسکیلە هیچ زیان و کاریگەرییەکی خراپی بەسەر ژینگە و ئاو و هەواوە نیە.

رواڵەتی چینایەتیی ناو کۆمەڵگە بە پاسکیلەوە دیار نیە وەك ئۆتۆمبێل و جۆر و مۆدێلە بەرز و نزمەکانی، کە رەنگدانەوەی باری گوزەران و ئاستی چینایەتی خەڵکەکەی زۆر بە زەقی پێوە دیارە.

کەمترین پارە و سەرمایەی وڵات بۆ پاسکیل دەچێتە دەرەوە و دەکرێتە دەستی کۆمپانیا بیانیەکان، هەرچی ئۆتۆمبێلە ئەوا پارەو سەرمایەیەکی زۆری وڵات دەچێتە دەرەوە.



فەرهەنگ غەفوور

ئەمانەو زۆر هۆکار و جیاوازیی دیکە لەنێوان بەکارهێنانی پاسکیل و ئۆتۆمبێلدا هەن، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە:

ئایا ئاستی وشیاری و رۆشنبیری تاکی کورد گەیشتۆتە ئەوەی کە وای لێ بکا لەجیاتی ئۆتۆمبێل بە پاسکیل بچێتە بازاڕ و سەردان و دەوام و پیاسە؟

ئایا ئاستی وشیاری و تێڕوانینی خەڵکی عەوام و پیادە لەو ئاستەدایە کاتێك کەسێك یان چەند کەسێك بە سواری پاسکیلەوە دەبینێ کە دەچێتە دەوام، یان بەشداریی لە کۆنفرانس، یان بەشداریی لە مێزگەردێکی تەلەڤزیۆنی و پێی ئاسایی و دروست بێ؟

ئایا شەقام و رێگا و بانی تایبەتمان بۆ هاژۆتنی پاسکیل هەیە و خەتی تایبەت بە خۆی و جیاواز لە خەت و سایدی ئۆتۆمبێلی هەیە؟

ئایا یاسایەکی تایبەت و مەدەنی بۆ لێخوڕینی پاسکیل و سەرپێچییەکانی هەیە و بەهەڵە بەکارهێنانی ئەیخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی یاسایی؟

ئایا شارەوانییەکان و لایەنی پەیوەندیدار بە هاتوچۆ، هەموو ئاسانکاری و رێخۆشکردنێکیان بۆ لێخوڕین و بەکارهێنانی پاسکیل وەك ئۆتۆمبێل و پێداویستیەکانی دیکە کردووە؟

ئایا روحیەت و نەفسیەتی هەر تاکێکی ئێمەی کورد، بە تایبەت ئەوانەی بۆرە بەرپرسیاریەتێکیان لە دامودەزگاکاندا هەیە، پێی ئاساییە پاسکیل بهاژوا و باکی بە توانجی خەڵکێکی نەزان و ناحاڵی نەبێ؟

ئایا کۆمەڵگەی ئێمە دیاردەی هاژۆتنی پاسکیلی وەك دیاردەیەکی ئاسایی و دروست قبوڵە و رەتی ناکاتەوە؟ ئەگەر ئەمانە هەموویان کرابن و گونجاو بن و ئاسایی بن، ئەی بۆ پاسکیل نەهاژۆین و سڵ لە چی دەکەینەوە؟ بە راستی ئەگەر ئێمە کۆمەڵگەیەکی مەدەنین و بە دونیابینی و تێڕوانینێکی جوانەوە دەڕوانینە ژیان و دەوروبەرمان، بۆچی دەبێ شەرم لە هاژۆتنی پاسکیل و بەکارهێنانی بکەینەوە، لە کاتێکدا سەراپای هەر سوود و کەڵکی بۆ ئێمە هەیە نەك زیان؟ یان دەبێ لەوەشدا چاوەڕێی کاریزمایەك بین ئەو دیواری شەرم و بەهەندنەزانینەی بەکارهێنانی پاسکیل بشکێنێ، ئەوسا ئێمەش، کۆمەڵگە بە تێکڕایی شوێنپێی هەڵبگرین و تێکڕا پاسکیل بەکار بێنین! دەی خوا بکا ئەو کاریزمایەمان کاك جەلال پەرێشان بێ و منیش و ئێوەش لەگەڵ ئەودا بە پاسکیل بچین بۆ دەوام و شوێنی کار و بازاڕ.